# له ئاماژەکانی بە مەزندانانی خوای گەورە: ڕێزلێنان لە پیاوی ڕیش سپی مسوڵمان، وهەڵگری قورئان نە زێدەڕەوی تـێدا دەکات ونە پشت گوێی دەخات، وڕێزلێنان لە دەسەڵاتداری دادپەروەر

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئاماژەکانی بە مەزندانانی (بە شکۆدانانی) خوای گەورە: ڕێزلێنان لە پیاوی ڕیش سپی مسوڵمان، وهەڵگری قورئان نە زێدەڕەوی تـێدا دەکات ونە پشت گوێی دەخات، وڕێزلێنان لە دەسەڵاتداری دادپەروەر».
[حەسەنە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

ئەم فەرمودەیە ئاماژە بەوە دەکات کە لە نیشانەکانی بە مەزندانان و بە شکۆدانانی خوای گەورە هەندێک شتە کە لەم فەرموودەیەدا باسکراوە: (ڕێزلێنان لە پیاوی ڕیش سپی مسوڵمان): واتا ڕێزگرتن لە پیاوی بەتەمەنی مسوڵمان ئەویش بە ڕێزگرتنی لە دانیشتنەکان ونەرم ونیان بوون لەگەڵیدا و بە ڕەحم وبەزەیی بوون بەرامبەری وبەو شێوەیە، وهەموو ئەمانە لە نیشانەی بە مەزندانانی خوای گەورەن چونکە پیاوی بەتەمەنی مسوڵمان ڕێزی هەیە لای خوای گەورە. (وهەڵگری قورئان): وبە هەڵگری قورئان ناوی بردووە چونکە قورئان لە نێو دڵ وسینگیدایە و لەبەری کردووە و لەگەڵیدایە بەردەوام وهەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە قورئان دەخوێنن وتەفسیری دەکەن وکات بە خوێندن وگەڕان بە ناو ماناکانی قورئاندا بەسەر دەبەن، وهەڵگری قورئان لەم فەرموودەیەدا دوو وەسفی تایبەتی کراوە: 1/ (نە زێدەڕەوی تـێدا دەکات): واتا زیادەڕەوی ناکات وسنوور تێناپەڕێنێت لە کردەوە کردن وگەڕان بە دوای ئەو شتانەی کە نەزانراو وشاراوەن وناگەڕێت بە دوای ئەو مانایانەی لە لای ئەو جێگای گومانن، وزیادەڕەوی ناکات لە دەرکردنی پیتەکان -لە تەجوید- دا وهەروەها خوێندنەوەی قورئان بە خێرایی زیادەڕەوییە چونکە ڕێگر دەبێت لە بیرکردنەوە لە مانای ئایەتەکان. 2/ (ونە پشت گوێی دەخات): واتا پشت هەڵناکات لە خوێندنەوەی قورئان وتەجوید وتێگەیشتنی ماناکانی وکردەوە کردن، ووتراوە پشت گوێی دەخات پاش ئەوەی زانستی هەبوو سەبارەت بە قورئان. وکۆتا کۆمەڵ کە باس لە ڕێزگرتنیان کراوە: (وڕێزلێنان لە دەسەڵاتداری دادپەروەر): واتا ئەو دەسەڵاتدارەی کە سیفەتی دادپەروەری تێدایە، ڕێزلێگرتنی بەهۆی ئەوەیە کە سوودی گشتی هەیە وهۆکاری چاکبوونی کاروباری خەڵکیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3032